# عەقلیەتی ئەنتی پلورالی لە پلورالیزمی کوردی

حوسێن کەریمی

مودێلی ئازادیی سیاسی و فرەلایەنی لە کوردستانی عێراق، ئەگەرچی لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، کە ناوەندی دەسەلاتی تاك لایەنی و دیکتاتۆریەتە سەیر و سەمەرەکان لە جیهانە، نموونەیەکی بەرچاوو و جێگەی هەلۆوستەیە، بەلام ئەم نمونەیە لە کاریگەریی عەقلیەتی دژە فرەلایەنی سیاسیی ناوچەکە بەدەر نیە. وێرای هەموو ئەو پیاهەلگوتنانەی کە لە ئاستی کوردی و ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش لە بارەی نمونەی دیموکراسیەت و ئازادیی مەیدانی سیاسیی کوردستان گوێبیستی دەبین، زۆر جار لە کات و ساتی لەباردا ئەم دیموکراسیەتە رووی راستەقینەی خۆی بەدەر دەخات. هەر لەم کات و ساتانەیە کە نیگەرانیی ئەو کەسانەی دلیان بەو دیموکراسیە خۆش کردووە پەرەدەسەنێت. فرەلایەنی و بلورالیزمی مەیدانی سیاسیی کوردستان تەمەندرێژیی خۆی تا ئێستا لە گوشاری دەرەکی و ترسی هاوبەش لە دوژمنی هاوبەش وەرگرتووە نەك قەناعەتێکی تەواو بە کاری پلورالی و تەحەمول کردنی یەکتر.

وتاری سیاسیی هەندێ لە سەر کردەکانی کورد لە کوردستانی عێراق، سەلمێنەری ئەو راستیەن کە عەقلیەتی ئەنتی پلورالی و ویستی تاکرۆیانە تەواو بەسەر کەشی سیاسیی مەیدانی سیاسی ئەم پارچەیەی کوردستان زالە، لەم رۆژانە و لە هەستیارترین ساتەکانی باری سیاسی کوردستانی عێراق، بینیمان کە بەرێز مام جەلال لە وتارێکیدا لە شاری خانەقین زۆر بە زەقی رۆلی گشت لایەنە سیاسیەکانی هاوخەباتی خۆی پشتگوێ خست و هەموو دەسکەوتەکانی ئێستای کوردستانی بە خەباتی یەکێتی نیشتمانی بەستەوە و ووتی کە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی کورددا خەباتی حیزبێکی سیاسی بەو ئەنجامەی دەگات. ئەم وتارە لە وانەیە زۆر لایەنی سیاسیی ناو مەیدانی خەباتی کوردستانی دلگران کردبێت، بەلام لە راستیدا ئەمە بۆ چوونی بێ پێچ و پەنا و راستەقینەی سەرکردەیەکی سیاسیی کورد لەو پارچەیەی کوردستانە. ئەم وتارە لە ئاستی دروشمدا بوو، بەلام لە ئاستی کردەوەشدا و لە چوونە ناو شاری کەرکوکیشدا هەمان دروشم پیادە بوو. ئەم چەندەش بارگرژییەکی لە نێوان هەر دوو هێزی سەرەکیی کوردستانی عێراق دروست کرد. زۆربەی رۆشنبیرانی سەرانسەری کوردستان بە نیگەرانیەوە دەیانروانیە پەیوەندیی ئەم دوو حیزبە. لەم کات و ساتە هەستیارەدا نێگەرانیی ناوەخۆی جەماوەری کوردستانی عێراقیش لە ململانێی ناوخۆ زیادی کرد، بۆیە دوو هێزە سەرکیەکە ناچارن بۆ ماوەیەکیتریش یەکتر تەحەمول بکەن و کۆبوونەوە لە دوای کۆبوونەوە ببەستن بۆ دارشتنی سیاسەت و هەلۆێستی هاوبەش. ئەوەی وئیمرۆ جێگەی نیگەرانیە ئەوەیە کە ململانێی ناو مەیدانی سیاسیی کوردستانی عێراق تا ئێستا سنووردار بوو بەلام ئێستا کە زۆر فاکتەری عێراقی و ناوچەیی نوێ هاتوونەتە ئاراوە ئایا ئەم پلورالیزم و پێکەوە ژیانەی مەیدانی سیاسی کوردستان چی بە سەر دێت، ئەوە تەنیا وەلامەکە لە هەگبەی داهاتوودایە !!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.